# خاڵی دەستپێکردن و یەکگرتن، سەراتاکانن

هەژێن
٢٠٠٥/٠٨/١٣

بەشی چوارەم  و کۆتایی

لەسەرەتای بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا، بۆیە ناوی هاوڕێ بژرام یاداشتکرد، لەبەر ئەوەی کە وانەزانێ باسەکانی ویم لە ئاستی باسی ئەم هاوڕێیانەدا دانەناوە و کەم بایەخم کردووە، ئەگینا لەبەر ئەوەی کە پێشتر سەرنج و بۆچوونی خۆم لەمەڕ زنجیرە باسەکەی خستۆتەڕوو. لێرەدا خۆم لە چوونەوە سەرباسەکەی وی لادەدەم، بەڵام ڕونکردنەوەی چەند خاڵ لەمەڕ وەڵامەکەی وی بە پێویست دەزانم و پێشموایە وی ئەو خاڵانەی وەک پرسیار لە من یا دانانی نیشانەی پرسیار لەسەر بۆچوونەکانی من یاداشتکردووە. بۆیە لەم بارەدا وەلامدانەوە بە پرسیارەکانی بە پیویست دەزانم.

سەرەتا دەستخۆشی لە هاوڕێ بژار دەکەم و هیوادارم هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست هەردەم بەو گیانە هاوڕێیانەوە بچنە پای وەلامدانەوە و سەرنج و ڕەخنە لە هەر کەسێک کە ڕەخنەیان ئاراستە دەکات. بەلام هاوکات بە پێویستی دەزانم زۆر دۆستانە و هاوەڵانە، بە هاوڕێ بژار بڵێم، پێش ئەوەی دەست بکات بە بڵاوکردنەوەی بابەت یا وەڵام و ڕەخنە، پێویستە سەرەتا بابەتەکەی تەواو نووسیبێ، ئەوسا بەش بەشی بکات و دەست بە بڵاوکردنەوەی بکات. هەروەها وەلامدانەوە یا سەرنج و ڕەخنە لە بابەتێک، ئەگەر چەند بەش بوو، ئەوا پێویستە کە لە شیوەی زنجیرەی یەک لەدوای یەک بڵاوی بکاتەوە، تاوەکو خوێنەر و هەم کەسی ڕەخنە لیگیراویش، بتوانێت سەرەداوەکان لێک گرێداتەوە. چونکە بڵاوکردنەوەی وەڵامیک بۆ من بەنێوی (وەڵامدانەوەیەکی هێمنانە بە سەرنجەکانی هەژێن) لە ماڵپەڕی «دەنگەکان»دا، کە تائێستا سێ بەشی لێ بڵاوکردۆتەوە و ئەز نازانم کە ئایا بەشی تری بە دوادا دێت یا بە کۆتایی گەیشتووە، وەک دەزانین، هاوڕێ بژار بەشی یەکەمی لە ٢٠٠٥/٠٦/٢٨ ، بەشی دووەمی لە ٢٠٠٥/٠٧/١٠ ، بەشی سێیەمی ٢٠٠٥/٠٧/١٩ بڵاوکردۆتەوە و ڕاستییەکەی من، کە وەڵامی بەشی یەکەمم لە ٢٠٠٥/٠٦/٢٩دا ئامادە کردبوو، لەبەر درەنگ بڵاوکردنەوەی بەشەکانی تری لەلایەن هاوڕێ بژارەوە، وای لە من کرد، کە خودی وەڵامەکەی خۆمم لەبیر بچێتەوە و تاوەکو دوێنێ، لە کاتێکدا کە لە دووی نووسینێکیتر دەگەرام، بەڕیکەوت ئەم نووسینە ناتەواوە کە لە چاوەڕوانی بەشەکانیتری وەڵامەکەی هاوڕێ بژاردا ڕامگرتبوو، لەبیرم کردبوو. هیوادارم هاوڕێ بژار لە شکاندنی چاوەڕوانییەکەم زویر نەبێت و تەواوکردنی وەڵامەکەی بیر بکەوێتەوە و ئەمەم بە دڵێکی گەورەی هۆنەرانەوە لیوەرگرێت.

ڕاستییەکەی من نامەوێ دڵسۆزی بۆ چینی کارگەر بکەم، وەک هاوڕێ بژار بۆی چووە. چونکە بەخۆم (حەماڵ) کارگەرم و لە سۆشیالیزم و شۆڕشی سۆشیالیستی زیاتر، ئاسۆیەک لەبەردەم مرۆڤایەتیدا بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلەتی مۆدێرن و سەروەری چینایەتی نابینم! هەروەها من ڕەخنە دەگرم و توانا و بێتوانایی بۆ من گرنگ نییە، ڕەخنە لای من زانستی و نازانستی نییە، بەڵکو چەکێکی ڕوخێنەرانەیە و ئەگەر بنەڕەتی بۆچوونە ناپرۆلیتێرەکان هەڵنەکەتێکێت، ئەوا دەچێتە خانەی گلەیی و لە ڕوو دامان. ئەوەی کە من لە ڕەخنەی جیادەکەمەوە سوکایەتی و شەرە جنێوە، کە نیشانەی مایەپوچی نووسەرەکەیەتی. با واز لەو دەستەواژانە بێنین، کە تەنیا مەبەست لە بەکاربردنیان سڵکردنەوەیە بە خوێنەر، بۆ ئەوەی ڕەخنە نەگرێ و هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بێت، کە ئاخۆ ڕەخنەکەی ئاکادیمی و زانستییە یان نا، کە لەپێش هەموویانەوە ئەندامانی پارت تووشی ئەم ترس و دوودڵییە بوون، کە بەخۆت بەتەمای ڕزگاریان بکەیت.

وەک پێستر نووسیومە، لەبەر ئەوەی باسەکەی هاوڕێ بژار بەشبەش نەکرابوو و زۆرجار دووبارەبوونەوەی تێدابوو، هەروەها وەک خۆی لە دوا بەشی باسەکەیدا دیاری کردبوو، بە خۆی خاڵبەندی بەشەکانی پێشتری کردبوو و منیش بە پێویستم نەزانی لە بەشی یەکەمەوە پێیدابچمەوە، هەروەها لەبەر جیا نەکردنەوەی تەوەرەی باس و بۆچوونەکانی بەدڵنیاییەوە سەرنجەکانی منیش دووبارە بوونەوەی فرەیان لەخۆ دەگرت، نەک بەو مەبەستەی کە وی گومانی لیکردووە!

من بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هاوڕێ بژار، پارت بە ئامرازی ڕێکخستنی سیاسی بۆرژوازی دەزانم، کە بەهۆیەوە تاکی چین و توێژە چەوساوەکان لە جەرگەی خەباتیان دەردەهاوێ و لەژێر نێوی نەتەوە و نیشتمان و چی و چی ...دا کۆیاندەکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی بچووکدا کە تێیدا پەیوەندییەکان و بەڕێوەبردن، دەقاودەق کۆپی کۆمەڵگەکەیەتی و بەمەش ئەو تاکانە لە کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵدەهاوێژێ. لەبەرامبەر ئەم هەوڵە هەڵاوێرانە و دابڕەرانەدا، چەکی پرۆلیتاریا ڕێکخستنە جەماوەرییەکانییەتی، کە تاکەکان لە سەر بنەمای خواستە هاوبەشەکانیان کۆدەکەنەوە و لە پەرەگرتن و ژیانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، سیاسەتی دابڕان و گۆشەگیری پوچەڵ دەبێتەوە. ئەوە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانن، کە وێناکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بە خۆوە دەگرن، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، هەر تەنیا ئامرازی ڕۆژانی مانگرتن و خۆپیشاندان نین، بەڵکو فێرگەی سۆشیالیستین و پەیوەندییە نێوخۆییەکانیان شێوەیەکە لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، ناوەندی ڕاهێنانی کولتوری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری چەوساوەکانن، ئاوێنەی بالانمای کۆمەڵگەی سۆشیالیستین، ئەوەن کە تۆ بە دوایدا عەودالی و خەرمانەی پیرۆزی پارت و پارتایەتی ناهێڵێ سەرنجت بچێتەسەری!

هاوڕێی ئازیزم، من بۆچوونەکانی خۆت دەکەمە پێوەر و منیش دەڵێم ئاوا کە هەموو شتێکی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی جیاوازە، ئامرازەکانی خەباتیشیان جیاواز دەبن و پارت ڕێکخسنێکی بۆرژوازیانە و شێوەیەکە، کۆپییەکە لە کۆمەڵگەکەی و ئامرازی پاراستنی سونەتی بەڕێوەبەرایەتییەکەیەتی و بەکاربردنی لەلایەن پرۆلیتاریاوە، سەرنجامەکەی بێجگە لە پاراستنی کۆمەڵگەی چینایەتی و سەروەری چێدی نابێ و وەک لە سەرنجەکانی پێشوومدا وتم، ئەوە مێژووی زیاتر لە سەدەیەک و لە دەیان هەزار پارت و ڕێکخراوی بەناو سۆشیالیست و کارگەر و چی و چیدا نمونەیەکمان بدەرێ، کە پارت خەباتی پێشخستبێ، پرۆلیتاریای ڕێکخستبێ، شۆڕشی سەرخستبێ دووراودوور و بە ڕێکەوت لە سۆشیالیزم نزیک بووبێتەوە. ئازادی توانیبێتی هەناسەی تێدا بدات و ڕەخنە جێگەی تێدا بووبێتەوە و بەر شەق و کردنەدەرەوە نەکەوتبێت. ئاخر ئەگەر سۆشتیالیزم بە مرۆڤێک بچوێنم، ئەوا ئازادی گیانیەتی و ڕەخنەش چرای ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی، من ئاوا لە سۆشیالیزم دەگەم، بۆیە پارت بە خەبات و ئامانجی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ناکۆک و نامۆ دەبینم.

هاوڕێ گیان بەداخەوە لەبری ئەوەی لە وەلامەکەتدا پێداویستی و تەبایی پارت لەگەڵ خەباتی سۆشیالیستیدا بسەلمێنیت، دووبارە چویتەتەوە سەر بەرتەری پارتی مارکسیستی و بەرینی چینی کارگەر لەبەرامبەر پارتی بەرتەسک و نامارکیستی، ئەمە لە کاتێکدا کە من زۆر بەڕوونی نووسیومە، پارت دەزگەی سەرکوت و تۆڕی ڕاوکردنی هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست و چەوساوانی یاخییە. من نەک پارت بە کارگەر ڕەوا نابینم، بەڵکو پێموایە ئەرکی سۆشیالیستەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و دەزگەکانی سەروەری، ڕسواکردن و پوچەڵکردنەوەی ئەو پارتانەیە، کە بەناوی کارگەر و سۆشیالیزمەوە خۆیان دەخەنەڕوو. چونکە ئەمانە هێزی کنەکردووی چینی سەروەرن لەناو ڕیزی چەوساواندا و ئەرکیان شێواندنی خەباتی چینایەتییە! بەهەر ڕادەیەک پێگەی پارتی سیاسییەکان لەناو ڕیزەکانی پرۆلیتاریادا لاواز بێ، بەو ڕادەیە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لە خەباتی ڕۆژانەوە بیگرە تا دەگاتە خەبات بۆ هەڵوەسانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی لەگەشە سەندندا دەبێت. ئەمە ڕوانگەی منە و بە بەڵگە و ئەزموونەکانی خەباتی چەوساوەکان لە مێژوودا، هەر لە کوردستانەوە

بیگرە تا دەگاتە چوار کیشوەرەکەی تر، پشتئەستوورە. بۆ گەیشتن بەم دەرەنجامە، کەمۆکەیەک خوێندنەوەی مێژووی خەباتی چینایەتی و ئەزموونەکان و شکستەکانی گەرەکە و ئەمەش دەستی هەموومانی پێرادەگات و پێویستمان بە فێرکار و رابەر و خوێندنەوەی وتەی ئەم و ئەو ناکات. ئەوە کۆمۆنەی پاریس، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، سۆڤیەتەکانی ئاڵمان لە ١٩١٨دا، شەڕی نێوخۆی ئەسپانیا و ئەوەش ئەمریکای لاتینی چەند ساڵ و مانگ و رۆژ لەمەوپێش.

من هەرەمەکی و لەخۆوە ئالای دژایەتی پاتم بەرزنەکردۆتەوە، وەک تۆ دەڵێی، بەڵکو بۆچوونم، دەرئەنجامی خەباتی رۆژانەی خۆمە و بە لەدەستدانی ساڵانێک لە تەمەنم، بەو سەرەنجامە گەیشتووم و لە کاتێکی گونجاودا، گەر مەرگ مەودا بدات، لەژێر ناونیشانی (رۆژانی پارتایەتی و چەپایەتیم) هەنگاو بە هەنگاو لەرەوتی خەباتی رۆژانەی رێکخراوەیی سیاسی و خەباتی جەماوەریدا ئەوە دەخەمە دەخەمەروو، کە نەک کەسانێک لەدەرەوەی ئەو رێکخراوە سیاسییانە و حککع دا نایزانن، تەنانەت تۆش وەک کادرێکی یەکێک لەو رێکخراوانە و حککع لێی بێئاگا بووی و بەڵگەشم بۆ نائاگا بوونتان، درەنگ وەدەنگهاتنتانە لەدەست ئەو قەفەزەی کە دەیان هەڵسوڕاوی وەک بەرێزتانی پێ دەستەمۆ دەکەن!

بەلامەوە سەیرە و هەندێکجار توشی گومان دەبم، کە وەڵامەکەی هاورێ بژار دەخوێنمەوە. هاورێ بژار خوازیاری پارتێکە کە چینی کارگەر لەخۆ بگرێت و رێکی بخات و بۆ ئەوەی ئەم پارتەش بەدەردی پارتەکانی دی نەچێت، هەموو کۆتوبەندەکان دادەماڵێ و بانگەواز بۆ پارتێک لێواولێو لە ئازادی دەکا و بۆ سەلماندنی جیاوازی ناوەندی سەرەوخوار وتەیەکی لینین بە پاڵپشت دەهێنێتەوە. باشە هاورێ گیان، تاکەی ئێمە لەسەردەمەکانی پێش خۆماندا بژین و رووداوەکانی سەدەی رابوردوو و هەنووکە نادیدە بگرین، تاکەی ئێمە بە ئاوەزی پێشینانی خۆمان بیر بکەینەوە، تۆ وتەی لینین دەکەی بە بەڵگەی دروستی بۆچوونەکانت، ئەمە لە کاتێکدا کە پارتە دەستسازەکەی لینین، سەرچاوەی سروشی گشت ئەو پارتانەیە، کە تۆ رەتیان دەکەیتەوە و لە لووتکەی ئەو سەرکوتانەدا دەوەستێت. بروانە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی سۆشیال_ دیموکراتی روسیە، کە چۆن لینین دەرگە بۆ کردنەدەرەوەی بۆچوونە جیاوازەکان دەخاتە سەرپشت، بروانە یەکەم کۆنگرەی پاش شۆرش و ببینە چۆن پاکسازی ریزەکان دەکات و ئەلێکساندەر کۆلەنتای دژی ئەم بریارە دەوەستێتەوە، بروانە چۆن لەسەر دەستی لینین و پارتەکەی دەسەلات لە سۆڤیەتەکان دەستێننەوە، بروانە چۆن لەسەردەستی هەمان رابەر و پارتەکەی کۆمیتەی کارخانەکان کە بەرێوەبەرایەتی کارخانەکانیان لەدەست گرتووە، هەڵدەوەشێننەوە و لەناو یەکێتیە فەرمییەکاندا دەیانتوێننەوە! بەم پێیەبێ، ئەو پارتەش بە هەمان ئاقاردا تێدەپەرێت، مەگەر سروش لە بۆچوونەکانی لینینەوە وەرناگرێ؟!

خاڵێک کە قسەوباسی تایبەت و فرە هەڵدەگرێت، لێرەدا ناتوانم خۆمی لادەم و بەسەریدا تێپەرم، دەسەلات و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و شێوازی بەرێوەبەرایەتییە لەو کۆمەڵگەدا. ئەوەی تائێستا لە تێروانینی لایەنگرانی پارتدا بەدی دەکەین، ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا، دەسەلات بەدەست چینی کارگەرەوەیە. هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش کە پارتی پێشرەو نوێنەری ئەم چینەیە، کەواتە دەسەلاتەکەشی هی ئەم چینەیە و ئەمە ناوەرۆکی ئەو فێڵە ئاشکرایەیە، کە بۆلشەڤیکەکان لە روسیەدا لە پرۆلیتاریایان کرد و هەر هەولێکیش بۆ بەرگرتن بەم فریودان و لەخشتەبردنە بە سەرکوت و گەرماوی خوێن کۆتایی هات. بەلام من وای بۆ ناچم کە لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا دەسەلات هەبوونی هەبێ، چونکە واژەی دەسەلات دەربڕی وتاری سەردەت و بندەستە، لەخۆیدا هەڵگری واتای زەبر و زەنگە، مانای بەزۆر راگرتنی ئەندامانی کۆمەڵ و بوونی دەستە و چینێکی سەروخەڵکی دەگەیێنێت. لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا لەبری دەسەلات، رێکخستنی بەرێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵگەمان هەیە، کە لەسەر بنچینەی سیستەمی سۆڤیەتی (شورایی – ئەنجومەنی)، دەکاتە خۆبەرێوەبەرایەتی و بەرێوەبەرایەتی خۆیی، واتە رێکخستنی کۆمەڵگە لە خوارەوە بۆ سەرەوە و رێکخراوە

جەماوەرییەکان و سۆڤیەتەکانی گوند و شار و ناوچە و هەرێم و وڵات و کیشوەر و تادەگاتە جیهان، یەکەی ئەو بەڕێوەبەراتییە خۆییەن و پێکهاتنی هەر یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بنچینەی فیدرالیستی فیدراسیۆنەرکان، کە بە ئازادی بێسنوور لە بڕیاردان و ویستی یەکگرتن پشت ئەستوورە. هەڵەکە لەوێوە دەستپێدەکات، کە تۆ پارت کە ڕێکخستنی سیاسی بۆرژوازییە، دەکەیتە ئامرازی خەباتی پرۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی بۆرژوازی و ئەم ئامرازەش وێنەگرتنەوە و زیندووراگری سونەتە بۆرژوازییەکانە و جارێکیتر پرۆلیتاریا بە کۆمەڵگەی چینایەتییەوە شەتەک دەداتەوە و دواجار بەو سەرئەنجامە دەگەی کە لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا چینی کارگەر سەروەرە و ئەمەش هەمان دەرکە، کە پارت پێمان دەبەخشێت و وامان لێدەکات، کە توانای وێناکردنی هیچ شتێکمان لە دەرەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی و ڕێکخستنەکانییەوە نەبێت، هاوڕێی بەڕێزم مەگەر لەبیرت چوو، کە پرۆلیتاریا تەنیا بە لەناو بردنی خۆی دەتوانێت، دوژمنەکەی کە بۆرژوازییە لەنێو ببات، بە واتایەکیتر پرۆلیتاریا بە لەنێوبردنی ڕێوشوێنی سەروەرانەی چینی بۆرژوا، دەتوانێت ڕێوشوێنی کۆیلانەی خۆی لەنێوبەرێت، واتە پرۆلیتاریا لەنێوبەری سەروەرییە نەک بەدەستهێنەری سەروەری و دەسەڵات، کاتێک کە شۆڕشی سۆشیالیستی مانای لەناو بردنی چینەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی بێت، بەلەنێوبردنی ئەو بنەما ئابووری و پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان و سەرخانە سیاسییەی کە کۆمەڵگەی چینایەتی ڕادەگرن - موڵکایەتی تایبەت و کاریکرێگرتە- کە سەروەری چینایەتی دەکەنە پێداویستی؟ ئیتر بڕیارە چینی کارگەر دەسەڵات بەسەر کێدا بسەپێنی و کێ بە ژێر چەپۆک ڕاگرێ؟ یا ئەوەتا مەبەستت، دەسەڵاتی پارتە بەسەر کۆمەڵگەدا، واتە پارت بەنێوی کارگەرەوە جێگەی بۆرژوازی دەگرێتەوە و تەواوی کۆمەڵگەش لەژێر سەرەنێزی دیکتاتۆریەتی خۆیدا ڕێوشوێنی پرۆلیتاریا، ئەوەی کە لەسایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی پارتی بۆلشەڤیکدا بینیمان و قڕی خستە ناو سۆشیالیستەکان و باجی شکستەکەشی پرۆلیتاریای جیهانی دای و بەردەوام دەیدات!

سەیر لەوەدایە ئەم هاوڕێیە زۆر ڕاست و ڕەوان دان بەوەدا دەنێت، کە پرسەکە لەسەر دابەشکردنی کارە، ئەی مەگەر ئێمە چی دەڵێین، مەگەر شەڕەکەمان لەسەر دابەشکردنی کار نییە -نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب- کۆیلەتی و بەرهەمهێنان بەشی ئێمە و سەروەری و بەهرەمەندیش لەدەستڕەنجمان بۆ بۆرژوازی؟ ڕۆشنبیرە ناکارگەرییەکان یانی چی، بەم پیوەرەی تۆ ئەوەی کارگەر بێت، شۆڕشگێرە و ئەوەی کارگەر نەبێت، ناشۆڕشگێر. بەڵام من پێموایە پیوەری شۆشگێربوون، دەرکی سۆشیالیستی و هۆشیاری چینایەتییە و سۆشیالیستخوازەکانیش تەنیا کەرگەران نین، ئەگەر بەو پیوەرەی تۆ بێ، ئەوا پارتە بۆرژوازییەکانی دونیا کارگەرین و شۆڕشگێرن. هەر ئەم دەرکە بوو، کە تەواوی ڕەخنەی سۆشیالیستی لە چواردەساڵی ڕابوردوودا تا ئاستی ڕەخنەگرتن لە ناسیونالیزم و ئیسلام هێنایەخوارەوە و لەناو ئەوەشدا تالەبانی و ئەدهەم بارزانی کردە نیشانە و چواردەساڵ خەریکی بەیاننامە دەرکردنی بێناوەرۆک بوون، نائاگا لەوەی کە ناسیونالیزم و ئایین دوو دێوجامەن، کە بۆرژوازی بۆ فریودانی جەماوەر بەکاریان دەبا و بەمبۆنەشەوە پارتەکانی لەژێر ئەو ناوانەدا قوتدەکاتەوە، بۆ ئەوەی تەواوی کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی تەباو و هاوبەرژەوەندی نیشان بدات. باشە ئەگەر تالەبانی ناسیونالیست و ماکیاڤیلیست نەبووایە، چی؟ چواردەساڵ بۆرژوازی خۆی ڕێکخست و تەراتێنی بە ئابووری کۆمەڵگە و سفرەی کارگەر و زەحمەتکێشی خاڵی کرد، بۆ خۆپاراستن شەڕی بەرپاکرد، کەچی چەپ هەر خەریکی لێدانەوەی بەردەوامی قەوانی ناسیونالیزم و مەزهەب بووا ئەمەش بە ڕەخنە نا، بە گلەیی. ئاخر ڕەخنەی سۆشیالیستی لە ناسیونالیزم و مەزهەب و هەر شتێکیتر بە کردەوە و لە هەنگاوەکانی خەباتی ڕۆژانەیدایە و لێرەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لە بنەما ئابوورییەکانی، لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیان دەدات!

بەڕای ئەم هاوڕێیە، (لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا مرۆڤەکان بە ڕادەی نزیک بوونەوە لە ئازادی کامڵ "تەواو" ئازادن، کەواتە لە حزبی کۆمونیستیشدا دەبێت ئەندامان هەر هەموویان ئاوا ئازاد بن.) جێی خۆیەتی لێی بپرسین، بەڕادەی نزیکبوونەوە لە ئازادی تەواو، چی دەگەیێنێت؟ ڕادەی نزیکبوونەوە واتە مرۆڤەکان بە ئازادی

نەگەیشتوون! لە کاتێکدا ئەگەر باوەڕمان بەو بنچینەیە هەبێت، کە پرۆلیتاریا بەدەستی خۆی، خۆی ئازاد دەکات و لەگەڵ ئەمەشدا تەواوی کۆمەڵگە، لە پەیوەندی کۆیلەوارانەی بەرهەمهێنان، لە ئامرازبوونی مرۆڤ بۆ سەروەری کەمایەتییەک، لە ژێر چەپۆکی مشەخۆران و سەروەری چینایەتییان، ئازاد دەکات. ئەگەر سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە گرەوی ئەمانەدا بێت، ئیتر بە ڕادەیەی نزیکبوونەوە لە ئازادی یانی چی؟ ئەمە بە خەونکردنی ئازادییە و سپاردنییەتی بە داهاتووی نادیار، هەروەک توانەوەی پەشمەکیانەی دەوڵەتی کارگەری پارتی پێشڕەو!

جۆگەلەیەک کە هێڵە سیاسییەکەی تۆ وەک درێژەپێدەری ڕێبازی بۆلشەڤیکەکان، هەڵیکردووە، هەر لە سەرچاوەوە لێڵە؛ لەوێوە کە ڕزگاری پرۆلیتاریا بە دڵسۆزانی پرۆلیتاریا دەسپێرێت و خەباتی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەی جەماوەری شوێنێکی لە پێناسەکانیدا نییە، پارت دەبێتە پێداویستی. ئاخر بەبێ پارت، نە دەتوانرێت کارگەرانی و توێژە پرۆلیتێرییەکانی‌تر لە سەنگەری خەباتی چینایەتیاندا دەرهاوێنرێن و نە بەئاسانی توێژێکی خۆبەجێگرزان، دەتوانێت دەسەڵاتی بەناوی پرۆلیتاریاوە بسەپێنێت! تۆ لەبری ئەوەی ئەندامە خەسێنراوەکانی پارت هان بدەیت، تاوەکو لە شوێنی کار و ژیانیاندا بەشداری ڕاستەوخۆی خەباتی جەماوەری بکەن، کەچی بانگەوازیان دەکەیت، تاوەکو بێنە ناو پارتی بەرینی چینی کارگەر! بەڵام ئەوەی چینی کارگەر وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بندەستی سەرمایەداری یەکدەخات، ئامانجەکانییەتی و ئامانجەکانیشی لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەدا و لە ڕەوتی هوشیاربوونەوەیدا بۆی مەڵموس دەبن و هیچ ئامانجێکی‌تری لە دەرەوەی خۆی نییە، تاوەکو لەدەرەوەی خۆی، خۆی بۆی ڕێکبخات.

هاوڕێکەم. کە من قسە لە ناپرۆلیتێربوونی پارت دەکەم، هەرەمەکی نایدەمەبەر، بەڵکو سەرنج لە تایبەتمەندی پارت و سروشتی پێکهاتنی دەدەم، کە تەواو تەبایە بە سروشتی چینایەتی بۆرژوازی و تەواو نامۆشە بە چینی کارگەر؛ لەبەر ئەوەی کە بۆرژوازی لەنیوخۆیشیدا هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی سوود و دەسەڵاتی زیاتر، کێبرکێ و ڕکەبرکێی دەستەکانی‌تری ناو چینەکەی خۆی دەکات، بۆیە تەنیا دەزگەیەکی وەک پارت دەتوانێت، دەربڕی سکتاریستانەی خەونی بەشەکانی چینەکە بێت، لە هەمان کاتیشدا بۆرژوازی ناتوانێت، ڕێکخراوە ئابوورییەکانی بکاتە شوێنی کۆبوونەوەی کۆیلەکانی، بەلکو دەزگەیەکی سیاسی وەک پارتی پێویستە و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پارتی جۆرواوجۆر، بە مەبەستی سێبەرکردن بەسەر ئاستە جیاوازەکانی هوشیاری جەماوەردا قوتدەکاتەوە، لەبەرامبەردا چینی کارگەر، چونکە لە گشت دەسەڵاتێک داماڵراوە، تەنیا چەکێک کە شکی بەرێت، بەکارهێنانی ڕێوشوێنیەتی لە ڕاگرتنی ژیانی ڕۆژانەدا. هەروەها لەبەر ئەوەی کە بەپێچەوانەی دژەی، هیچ شتێکی نییە، تاوەکو کێبرکێ و ڕکەبرکێی لەسەر بکات و هیج بەرژەوەندییەکیشی لە هێشتنەوەی ڕێوشوێنی خۆی نییە، بۆیە دەبێت ڕێکخراوەکانی خەبات و بەرەنگاری، ڕەنگدانەوەی سروشتی خەباتەکەی بن؛ واتە ڕێکخستنی ڕاستەوخۆ و خەباتی ڕاستەوخۆ لە شوێنی کار و ژیانیدا و بەدەستهێنانی هوشیاری شۆڕشگێڕانەش، ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی ئەم خەباتەدا، هەنگاو بە هەنگاو بردنی کۆمەڵگە بەرەو ڕێکخستنێکی ناچینایەتی نزیک دەکاتەوە. لێرەدایە کە ڕێکخراوە جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکان، تەنیا ئامرازی بەدەستهێنانی چەند داخوازییەکی سیاسی یا ئابووری کاتی نین، بەڵکو فێرگەی شۆڕشگێڕن و لە پەیوەندی نێوخۆیی خۆیان و ڕێکخستنیاندا، شێوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی سۆشیالیستی دەخەنەڕوو، ئەمەش پابەندی خەباتی ڕاستەوخۆ و خۆبەخۆی پرۆلیتاریایە!

هەروەها هاوڕێ بژار دەڵێ پارت پێشڕەوەی چینی کارگەر نییە و هوشیاریان پێنابەخشێت، بەڵکو هوشیاری چینایەتی لە چینی کارگەرەوە وەردەگرێت و دەیداتەوە بە خودی کارگەران و ڕێکخستنێکی بالاتر لەوەی خۆیان پێنابەخشێت. منیش دەڵێم کارگەران لە ڕەوتی خەباتی خۆیاندا هوشیاری چینایەتی بەدەست دێنن، بەڵام لەم هاوڕێیە دەپرسم، کاتێک کە هوشیاری چێنایەتی کارگەران لەخودی خۆیانەوەیە، ئیتر چ پێویست بەوە دەکات،

پارت لیيان وەرگرێ و بیباتەوە ناویان؟ هەروەها پالافتەبوونی ئەم هوشیارییە، لە رەوتی خەباتی رۆژانەی خودی کارگەراندا و لە ئەزموونگەی خۆیاندا، نارۆشنییەکانی وەلادەنێن!  ئەمەی تۆ زیاتر لەمەتەڵ دەچێ و هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە و خۆت بەخۆت ناخواستانە، پولێکی بێسوودی بە پارتەوە دەنێیت. وەک وایە تۆ بە من بڵێی "من بژارم" و منیش بێم پێت بڵێمەوە "تۆ بژاری"، ئەمە هیچ حیکمەتێکی تێدایە، ئەمە بێجگە لە گێلی من و فریودانی تۆ هیچیتری تێدا بەدی ناکەم! ئاوەتا رۆڵی پارت وەرگرتنی هوشیارییە لە کارگەران و شێواندنی و گێرانەوەی دەقە شێوێندراوەکەیە بۆ ناو کارگەران وەک لە پێش و پاشی شۆرشی ئۆکتۆبەر دیتمان.

من پێداویستی پارت بۆ خەباتی چینایەتی، هێندەی پێداویستی دەوڵەت بۆ رێکستنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دەبینم. بۆیە بوونی ئازادییەک کە تۆ لە پارتدا چاوەروانی دەکەی، هێندەی توانەوەی خودبەخودی دەوڵەتی کارگەری – راستر بڵێم دەوڵەتی پارتی پێشرەو- بە خەیاڵپلاوی دەزانم. ئەگەر بریار بێ، سۆشیالیزم کۆمەڵگەیەکی چینایەتی ریفۆرمکراو بێت، ئەوا گۆرینی فەرمانرەوایی بۆرژوازی بۆ فەرمانرەواییەکی ئاوەزگیرانە _ وەک فەیلەسوفە زەرنەقوتەکان پاگەندەی بۆ دەکەن_، لە توانەوەی خۆبەخۆی پەشمەک ئاسای دەوڵەتی سۆشیالیستی پارتە پێشرەوەکان، لۆژیکانەتر دێتەبەرچاو! ئەگەر بریارە رێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەسایەی سیستەمی سۆشیالیستی تەنیا جێگۆرکێ بێ بە چینەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و جێگرتنەوەی چینی سەروەر بە چینێکی تازە رسکاو، ئەوا هیچ ماندووبوونی ناوێ و خۆمان بە سەکسۆکەی فەیلەسوفەکان دەسپێرین و ئەوان ئامرازەکانی سەرکوت دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی کەسانی بە ئاوەز و مرۆڤدۆست، یا چاوەرێ دەمێنینەوە تا موحەمەدی مەهدی بێ و دونیا یەکسان و کیشەکان چارەسەر بکا! هەر بەوشێوەیەش ئەگەر بریارە پرۆلیتاریا چارەنووسی خۆی بە وردەبۆرژوازی رێکخراو لە پارتە چەپەکاندا بسپێرێ، ئەوا چ پێویست بە خۆهیلاککردن ناکات، دەکرێ چاوەروانییەکی خۆشباوەرانەشمان لە بۆرژوازی هەبێ و کە رۆژێک ورگی لە مژینی شیلەی گیانی مە تێربێ و ژیانمان باشتر بکات! هەر چۆن ئەمە خەیاڵە، ئاواش خەیاڵە پارت ئەو چەکە کارایە بێت، کە خەباتی چەوساوان پێش بخات و هەرواش خەیاڵ دەبێت، کە دەوڵەتی پارتی پێشرەو پەشمەک ئاسا بتوێتەوە و تولە رێکانی خەبات بۆ گەیشتن بە کۆمونیزم بکاتە شەقامی خێراو و پانوپۆر (Motorway)!

بەلام بێگومان کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتییە و ئەو ئامراز و دەزگەیانەی، کە پارێزەری سەروەری چینایەتین، بەدڵنیاییەوە لەو کۆمەڵگەدا جیگەیان نابێتەوە؛ یا ئەوان بوونیان نابێ یا بە بوونیان کۆمەڵگە بۆ سەردەمی پێش شۆرش دەگێرنەوە، وەک لە رۆسیەی ساڵانی ۱۹۱۸ – ۱۹۲۱ بینیمان! ئیتر نازانم بە کامە لۆژیک حکومەتی پارتی _ لەژێر پەردەی کارگەریدا_ دەکاتە سۆشیالیزم و حکومەتێک کە بە دیکتەکردن بۆ کۆمەڵگە خۆی راگرێ، چۆن پەشمەک ئاسا دەتوێتەوە و رێگە بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆمونیستی خۆشدەکات؟!

هاورێ بژار هەروەک لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا، بە دووری نێوان دوو کیشوەر لە سەرنجەکانی من نزیک نابێتەوە و تەنیا دەڵێ ( <u>جیابوونەوەی من و هەژێن بۆ لێدانی حزب لێرەوەیە. ئەو حزب هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیگۆرێت بۆ رێکخراوەی جەماوەری، بەلام من کە هەڵی دەوەشێنمەوە، بەو شێوەیەی کە خەباتی چینی کرێکار پێویستیەتی لە مەیدانی تیئۆریدا و بۆ پراکتیس، دایدەرێژمەوە...</u>)

پێشتر باسی پێویست نەبوونی پارتم کردوە و خۆمی لێدەبوێرم، بەلام پێوستە بڵێم، هاورێ گیان، من لە بەشە تێکشکاوەکانی پارت، رێکخراوەی جەماوەری ناسازم، رێکخراوەی جەماوەری بە من ناسازرێت و لە بوونی خەباتی رۆژانەی بەشە چەوساوەکانی کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدەن و من و تۆ و ئەوانیتریش، تەنیا دەتوانین وەک توخمی هوشیاری سۆشیالیست، رۆڵی هەڵسوراویمان ببینین و بەس، ئەگەر بریاربێ ئێمە بەرژەوەندی گشت چینەکەمان لەبەچاو بێت! هەروەها هەڵوەشانەوەی پارتیش، بە پەرەگرتنی خەباتی جەماوەری سەربەخۆوە

پەیوەستە و ئەمەش ئەرکی هەموومانە. بۆیە ئەرکی من هێنانەدەرەوەی ئەندامانی پارت نییە، چونکە ئەوانە تازە بەنگکراون و مەگەر شەقی زەمانە لە کۆیلەتی خۆیان بەئاگایان بێنێت، ئەرکی من گێڕانەوەی کارگەرانی سۆشیالیستە لە پەیوەستبوون بەو پارت و ڕێکخراوانەوە، کە لەسەر کەلاکی پارتی داڕزیو، دەیانەوێت بە دروشمی هەڵخەڵەتێنەرانە و بریقەدار، فریویان بدەن. پێکهاتنی هەر ڕێکخراوەیەکی جەماوەری سەربەخۆ، مانای پوکانەوەی کۆمیتەیەکی پارت دەگەیێنێت، سەرهەڵدانی هەر مانگرتن و خۆپیشاندانێکی جەماوەری سەربەخۆ، مانای چۆڵبوونی دەوروبەری ڕابەرە ئەفسانەییەکانی پارتە و ڕوودانی هەر ڕاپەڕینێکی سەربەخۆی جەماوەریش، مانای خستنەژێر پرسیاری فەلسەفەی بوونی پارتە سیاسییەکانە!

هاوڕێ بژار باس لە زیرەکی و لیهاتووی دەسەلات و پارتەکان دەکات، کە چۆن توانیویانە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان و دژی جەماوەرەکەیان بەکاریان بێنن. بەڵێ هاوڕێم، بەداخەوە بە هۆی سونەتێکەوە کە لە سۆشیالدیموکراتەوەکانەوە بەجێماوە، شێواز و ڕێکخستنی ڕێکخراوە باوەکان یا دانپیانراوەکان بەردەوام ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی توێژێکی ئۆرۆستۆکرات لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا و ڕێکەوتنی ئەم توێژە لەگەڵ خاوەنکار و دواجار لەگەڵ دەسەلاتدا کە زۆرجار خودی سۆشیالدیموکراتەکان بوون، بووەتە هۆی تەشەنەی بیروکراتی و کشانەوەی ئەندامان لە ڕێکخراوبوون و نائومێدبوون، بە خەبات و چاوەڕوانی لەم ڕێکخراوانە. لەبەر ئەم هۆیەیە، کە دەسەلات و پارتەکان هەردەم ئەم کارەیان کردووە و دەشیکەن، بەلام ئەوان ناچنە پای ڕێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆ، ڕێکخراوە زەردەکان و کۆمیتە پارتییەکان، لە شێوەی ڕێکخستن و لە میکانیزمی کارکردن و لە شێوازی خەباتییاندا، بەرادەی خەونی دووچینەکە لەیەکەوە دوورن. پێشتر لەمبارەوە دواوم و تەنیا هێندە بەسە بڵێم، هەم سیاسەتی بۆلشەفیکەکان و هەم سیاسەتی ئەوانەی تۆ چاوی هیوات لیبڕیون، لە تێڕوانینی سۆشیالدیموکراتەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە سەرچاوە دەگرن و هەروەک ئەوان ئامانجیان لە خەساندنی خەباتی چینایەتی و سازشدانییەتی لەگەڵ سەروەری چینایەتی، ئیتر ئەو سەروەرییە لەدەستی تاکپارتایەتی خۆیاندا بێت، یا لە چنگی چەند پارتێکی نێو پارلەمانەکان، ئامانجی کۆتایی بەکارهێنانی ئەو ڕێکخراوە وابەستانەی خۆیانە وەک کارتی گەیشتن بەدەسەلات چ بە هەڵبژاردنی پارلەمانی یا بە قۆستنەوەی شۆڕشێکی وەک ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕوسیە!

هاوڕێ بژار بەدرێژایی هەموو نووسینەکانی، ئەوەی لای گرنگ نەبووبێت و بەلایدا نەچووبێت، خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری کارگەرانە و لەبەرامبەردا تەواوی وزەی بۆ کۆکردنەوەی توخمە هوشیارەکانی دەرەوەی پارت، دەخاتە گەڕو پێیوایە کە لەبەرامبەر پارتدا، دەبێت بە پارتێکیتر پەیوەست بینەوە، لەبەر ئەوەی کە دەتوانێت ڕادیکاڵتر بێت! بەم بۆچوونەی دەیخاتەڕوو، کە خەباتی جەماوەری بۆ وی ڕادیکاڵ نییە! لیرەدا دەکرێ لەم هاوڕێیە بپرسین، ڕادیکاڵ لای تۆ بەمانای چی دێ؟ ئەوەندەی لای من ڕۆشن بێت، بە واتای هەرچی قوڵتر پەلاماردانی ڕیشەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی و گرفتی منیش لەگەڵ پارت، هەر لێرەوەیە، کە پارت نەک ناتوانیت ڕەگەکانی چەوسانەوەی چینایەتی و ئامرازەکانی ڕاگرتنی وشک بکات، بەڵکو بەهێزیشیان دەکات؛ وەک لە ڕوسیەی سایەی بۆلشەڤیکەکاندا بینیمان! بەلام لەمەڕ ئەوەی کە یەکیتی کۆمونیستەکان (یک) لەبەرامبەر ڕەوتی کەروێشکانەی (حککم)دا کیسەڵە و حزبی کۆمونیستی کرێکاری چەپی عیراق (حککچع) لەبەرامبەر ڕەوتی کەروێشک ئاسای (حککم)دا تاژییە، هەم پێموایە زیادەڕەوییە و هەم گرفتی منیش نییە، بچمەپای شەڕەدەنووکی پارتایەتی، بەلام گەر لێم بپرسن، ئەوا دەڵێم لەبەرامبەر گورجوگۆڵی ڕەوتی ڕوداوەکان و چێکردنەوەی پایەکانی سیستەمی چینایەتیدا، هەر سێ لاتان، شەیتانۆڵکە (snail)ئاسا دەبزوون! جێی خۆشیەتی، کە لێت بپرسم، بۆچ لە چەند ڕووداوی سەدەی بیستدا کە تۆ شانازی بەهەندێکیانەوە دەکەیت، ئەوانەی کە تۆ بە ڕادیکاڵتر لە جەماوەریان دەزانی، وەک کەروێشکی لاق شکاو، بەدوای ڕووداوەکانەوە بوون؛ بۆلشەڤیکەکان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، هاوڕێیانی ستالین و پارتە بۆلشەڤیکییەکەی لە شەڕی ناوخۆی ئەسپانیادا، پارتە چەپەکان لە سەرهەڵدانی ئایاری ١٩٦٨ی فەرەنسەدا، ڕابەرە ڕادیکاڵەکانی بەڕێزتان لە ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێراندا،

کۆمونیزمە کارگەرییەکەی خۆتان لە ئازاری ١٩٩١دا، کە نەتان دەزانی چی ناوبنێن، هەڵچوون، یاخیبوون، راوورووت، ڕەوتی کۆنەپەرستی! ئەوەش عیراق کە باشترین پێوەرە بۆ راستی، کە هەرسێ لایەنەکەتان، هێندەی ئاخوندێکی شیعە لایەنگر و کاراییتان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نییە، ئەگەر وانییە، تکادەکەم بۆم راسکەنەوە!

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە چەند دێر پاش بەراوردە زیادەڕەوانەکەت، بەخۆت دووبارە ڕێسەکەت دەکەیتەوە بەخوری؛ (... ئەگینا لە بارەی پیادەکردنی میتۆدەوە هەموویان چوون یەکن. هەر هەموو لایەکیان لەباری دیسپلینی حزبی و زنجیرە مەراتیب و چۆنیەتی هەڵسوڕان و سەرکوێرکردنی ئەندامان و پیادەکردنی بیرۆکراسییەوە، بەشێوەیەکی گشتی وەکو یەک وانە و ئەگەر سووکە جیاوازییەکیش لەنێوانیاندا هەبێت، لەجیاوازی ڤیوان قەبارەی مێش و مێشوولە تێناپەڕێت...) هاوڕێ گیان، ئەمانە قسەی تۆن و دەبوو من وەلامی رستەکانی پێشتری تۆیان پێبدەمەوە، کەچی تۆ بەم کارە هەڵدەستی و لەگەڵ ئەوەشدا، هەر دەستبەرداری پارتایەتی نابێت و سوێندت خواردووە، پارتێکیتر بۆ گیانمان قووت بکەیتەوە، ئەگەر (حککچع) ئەوە دەرنەچوو – کە دەرناچێ- کە تۆ خەونی پێوە دەبینی و راستییەکەشی ئەوەیە، کە لە دونیای واقیعدا نایێتە دی و گەر دەستبەرداری نەبی، ڕاستەوراست دەڵێم، بزووتنەوەکەمان، هۆنەرێکی هەست ناسک و دڵسۆز لەدەست دەدات!

دواتر هاوڕێ بژار دەڵێت: (بە کەتوار (واقیع) کردنی سۆشیالیزم ی حزبی و وەلا نانی سۆشیالیزمی زانستیانەی دەوێت.) ئاخر هاوڕێ گیان، ئەزیزەکەم، بەزەییەکتان بە چینی کارگەردا بێتەوە و سۆشیالیزمێکی تری بۆ قوت مەکەنەوە، بەسیەتی، هەرچی گەندەڵی دونیای چینایەتییە بێ بیرکردنەوە و سڵەمینەوە هەر لە فیودالیزمەوە تا پارت، سۆشیالیزمێکی پێوەی دەلکێنن، پێم ناڵێی پارتێک کە تۆ ناوت ناوە زنجیرە مەراتیب، ئیتر سۆشیالیزمی لە کوێ بوو، ئەی هاوار! سۆشیالیزم خەونی لەمێژینەی مرۆڤی چەوساوەیە؛ بە دونیایەکی بێ چەسانەوەوە. ئیتر نازانم چۆن بووە خەیاڵی و چۆن بووە پێشگری فیودالیستی و وردەبۆرژوازی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیرانە و ڕوسی و ئەوروپی و ئاسیایی و دواجار لەسەر دەستی بەرێزتان کرا بە سۆشیالیزمی پارتی و ئەویش پارتێک کە خۆت بە کۆپی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەزانی. هاورێکەم چ تۆ و چ زۆرێکیتری پارتخواز، هەروا سانا و سادە نییە، هەرکەس بێت و لە خۆیەوە واژەیەکی سیاسی داتاشێ و ئەویش ناولێنانی ئەفسەر یا سکرتێری پارتێک نا، خەونێکی لە مێژینەی مرۆڤایەتی و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمە تاوانە بەرامبەر هەموو ئەو قوربانیانەی کە مرۆڤایەتی هەر لەسەردەمی کۆیلایەتییەوە تا هەنووکە بۆ دونیایەکی ئازاد و یەکسان بەخشیویەتی، تاوانە تاوان! بەڵکو ئەوە تۆی لەبری کارکردن بۆ بردنی کۆمەڵگە بەرەو سۆشیالیزم، خەریکی کردنی پارتی بە نموونەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی. ڕاستییەکەی ئەو سۆشیالیزمە درۆینەی کە بۆلشەڤیکەکان پیادەیانکرد، بۆ ئەو پارتەی تۆ دەتەوێت بیسازی، دەستدەدات، بەلام بۆ پرۆلیتاریا مەرگەساتە، مەرگەسات!

هاوڕێ بژار لە بەشی سێیەمدا، پێچەوانەی دوو بەشەکەیتر بە پەلاماری نابەجێی من دەست پێدەکات، ئاخر لە کوێدا من ئازادیم لە یەکسانی جیاکردۆتەوە، بۆ ئەو پەرەگرافەت نەنووسی وەک ریسایەکی ڕەخنەگرتن، کوا لەکوێدا و کەی؟ من هەمیشە پێم لەسەر بنچینەیەک داگرتووە، کە نەک ئەوڕۆ، بەڵکو بەرووی لە نێونەتەوەیی یەکەم و بەرووی دەوڵەتخوازەکاندا بەرزکراوەتەوە، کە دەڵێ "ئازادی بەبێ یەکسانی، بەهرەکێشییە و یەکسانیش بەبێ ئازادی، کۆیلەتی" و جارێکیتریش بەرووی بۆلشەڤیکە دیکتاتۆرەکاندا بەرز دەکرێتەوە و دەڵێ " ئەگەر ئامانج یەکسانی کۆیلان بێت، ئەوا کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، لە زیندانێک بەولاوەتر نییە و منیش پێی لەسەر دادەگرم و دەڵێم: ئەگەر ئازادی پێشمەرجی بوونی یەکسانی نەبێت، ئەوا سۆشیالیزم لە سیاچاڵێک بەولاوەتر نابێت! ئەزانی بۆ، چونکە بەبێ ئازادبوونی مرۆڤ لە کۆتوبەندە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستن و بناخەڕێژکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە پاگەندەی سۆشیالدیموکراتەکان بەولاوەتر ناچێت!

بەڵێ ئازادی گیانە و یەکسانی جەستەی، پێم ناڵێی جەستەی بێگانت بۆچییە؟ ئیتر نازانم ئەو ناهەقییەم بۆ بەرامبەر دەکەی و ئەو هەموو ڕستەیەم بۆ بێ هۆ و بەڵگە بۆ ڕیز دەکەی؟

هاوڕێ بژار، جارێکیتر پەلاماری دەقی پیرۆز دەدات، بەڵام کامە دەق، دەقێک، کە بووتە بنەمای چەواشەکارییەکانی سۆشیالدیموکراسی لەسەر دەستی ببیل و کاوتسکی، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕستانەدا، کە تۆ هێناوتنەتەوە (کۆیلەتی ناتوانێت بەبێ ماتۆڕی هەڵم و ئامیری چنین لە کاربخرێ و ڕەعیەت ناتوانێت بەبێ کشتوکاڵی پێشکەوتوو هەڵبوەشێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی خەڵک ناتوانن خواردن خواردنەوە، خانوبەرە و جل و بەرگیان بەچەندی و چۆنیەتیەکی تەواوە دەست بکەوێت، ناتوانن ئازاد بن.) تیۆری گەشەکردنی دیترمینستانەی (Determinism) کۆمەڵگەی چینایەتی بەرەو سۆشیالیزمی خود بەخودیان دارێژا و ئەوە بەرهەمەکەی بوو، کە لەسەر دەستی هەردوو باڵی چەپ و ڕاستی سۆشیالدیموکراسی دیتمان. هەروەها زەمینەیان بۆ ئەو ڕەخنە فریودەرانەیە- ئەوەی کە دەڵێ شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر زەمینەیەکی ئابووری دواکەوتوو ڕوویدا، بۆیە تێکشکا-، کە پێیوایە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی کۆتایی مێژووە و دەبێت وەک بەهەشتە بەڵێندراوەکەی ئایینەکان تەواو و وەساوبێ. هاوکات ئەم بیرکردنەوە بیانوو داتاشینە بۆ خۆدزینەوە لە خەبات و ڕووبەڕوو بوونەوە. لەبەر ئەوەی ئەو پێشمەرجانە نەڕەخساون، ئەمە ئەو تێڕوانینە بوو، کە هەم مارکس و ئەنگلس، هەم چەپ و ڕاستی سۆشیالدیموکراسی بە لینین و پاشرەوانی بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی و هاتنەدی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی هەیانبوو. من نکۆڵی لەوە ناکەم، کە گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، هوشیاری سەردەخات، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەم هوشیارییە، لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری توێژەکانی پرۆلیتاریاوە بەدەسەت دێت، نەک لە دەستتێوەردانی پارت یا هەر هێزێکی دەرەکی خۆدی پرۆلیتاریا! هەروەها بەرای من سەرکەوتن و جێکەوتەبوونی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوسانەوە، ئەوەندە پابەندی هوشیاری چینایەتی ژێردەستان و ئامادەیی شۆڕشگێڕانە بووە، ئەوەندە پابەندی گەشەی ئابووری و پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمێنان نەبووە و نابێت. ئەوە هوشیاری چینایەتی و ئامادەیی شۆڕشگێرانەیە، کە سۆشیالیزم دەکاتە پێداویستی بێچەندوچوون و تەنیا ڕێگەچارە! کاتێکیش کە ژێردەستانی کۆمەڵگە هوشیاری چینایەتییان لە ڕەوتی خەباتی نەپساوەی جەماوەری خۆیاندا بەدەستهێنا و تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەیان لا کەلەکە بوو و سۆشیالیزم بووە هیوا و تەنیا دەریچەی زۆرینەی دانیشتوان، لە دواکەوتووترین گوندە لاکەوتەکانی ئەم جیهانەدا، پیادەبوونی لە تواناد هەیە و دەبێتە پرۆسەیەکی بێ گەڕانەوە. ئالیرەدایە ڕۆڵی هەڵسوراوانی سۆشیالیست دەردەکەوێ و ڕێ و شوێنی ئەو ڕۆڵگێڕانەش، نێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی جەماوەرە!

پاش ئەو باسانە، لێرەدا بەپێویستی دەزانم، کەمێک لەسەر ئازادی ڕوونتر قسە بکەم، چونکە دەرکی من وەک دژە دەسەلاتێک لە ئازادی لەگەڵ تۆدا وەک دەسەلاتخوازێک – بەو پێیەی کە پارتخوازی- جیاوازە. من پێموایە هوشیاری دەرئەنجامی خەبات و گەشەی خودییە و ئەم هوشیارییەش، هەنگاوی یەکەم بە ئازادبوونی تاک لە دەرونی خۆیدا دەستپێدەکات، کە سەرەتای یاخیبوونە و لێرەوە تاک خۆی لەبەرامبەر پەیوەندییە سەپێنراوەکاندا دەبینێتەوە و دەکەوێتە هەوڵی گۆڕینیان. واتە هوشیاری بەرهەمی خەباتە و ئازادبوونی بوونە دەروونییەکەش، بەرەنجامی هوشیاری و ئاڵوگۆڕیش لەم ساتەوە دەست پێدەکات، کە تاک لە ناخی خۆیدا زنجیرەکان دەپسێنێت و دەستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژەهێزە دەرەکییەکە، ئاوەڵا دەبێت. وەک وتم با زیندانییەکان، وەک یەک مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت و وەک یەک بخۆن، بەڵام هەرگیز ئازاد نین و ناشبن. کە بەداخەوە دەبێت، بڵێم تۆ یەکێکی لەوانەی کە بوونی خۆتت لە ناختا لە بیر و تێروانینی دەسەلاتخوازان ئازاد نەکردووە، هەر بۆیە عەوداڵی ڕادیکالیزەکردنی چەکی بەرامبەرەکەتی!

هاوڕێ بژار چەند دێر خوارتر، ڕستەیەکی‌تری نێو ئایدیۆلۆژیای ئاڵمانی وەک دەقێکی پیرۆز بۆ پاڵپشتی، بۆچوونەکانی دێنێتەوە (ووشەی "کۆمۆنیست" ، کە لە دنیای واقیعدا مانای پەیڕەوی حزبێکی شۆڕشگێڕی دیاریکراو دەگەیەنێت.) ، پێش ئەوەی بێمە سەردروستی و نادروستی ئەو ڕستەیە، پێویستە پرسیارگەلێک لەم هاوڕێیە بکەم، ئەی ئەگەر مارکس ئایدیۆلۆژی ئاڵمانی نەنووسیایە، چیتەکرد بە پاساو بۆ پارتایەتی؟ ئایا ناکرێت، ئەم ڕستەیە لەگەڵ واقیعی ڕووداوەکانی سەدو ئەوەندە ساڵ پاش ئەم دەربڕینە بپێوین و ئەو ترس و بیرکردنەوە ئایدیالیستییە لەناخماندا تێک بشکێنین، کە مارکسی بەدبەختی خستۆتە دەرەوەی بازنەی هەڵەکردنەو سەرو مرۆڤبوونەوە؟ ئاخر هەر ئەوەندەی ئەو وتی و ئیتر براوەوە، کۆمونیست بوون، واتە پارتی بوون و پەیڕەوی پارتێکی شۆڕشگێڕی دیاریکراو؟ پێش هەموو شت من باوەڕم بەهیچ پلەبەندییەک نییە بۆ کۆمەڵگەی داهاتووی مرۆڤایەتی و ئەو فازبەندییەی کە مارکس و ئەنگلس پییهەستان، هەنگاوی یەکەمی ئەو هەڵدێرانە بوو، کە ئەوانی لە شۆڕشگێڕەوە کرد بە دەسەڵاتخواز و ئەمەش تەنیا بیانوو داشین و پاساودانی پاراستنی دەزگەی سەروەری چینایەتی بوو، لەلایەن ئەوانەوە؛ واتە دوڵەت، کە لینین تۆکمەی کرد و وەک گورگ بەربیدایە گیانی پرۆلیتاریای ڕاپەریو لە کرۆنشتات و ئۆکرانیا و پترۆگراد و دواتر ستالین فەنتازی لەم فازبەندییە کردوو و کوشتوبڕی نەیارانی خۆی لە دوورخراوگەکانی سیبریا ناونا، پێنانە قۆناخی دووەم، واتە کۆمونیزمەکەی مارکس وئەنگلس، پارتی شۆڕشگێڕی دیاریکراویش وەک پێداویستی دەستڕاگەیشتن بەم ئامرازە سەرکوتکەرانەیە، واتە دەوڵەت!

لەبەر ئەوە باوەڕم بە فازبەندی بۆ بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەسەرەوە بۆ خوارەوە - واتە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی- نییە چونکە لە بەرامبەریدا خۆبەڕێوەبەرایەتی ئازادانەی کارگەری و بەشەکانی‌تری کۆمەڵگە بە دروست دەزانم؛ شێوازێک کە دەسەڵاتخوازان بەدرێژایی خەباتی چینایەتی ڕووبەڕووی بوونەتەوە و باشترین نموونەش سەرکوتی خۆبەڕێوەبەرایەتی کرۆنشتات، وەرزێرانی ئۆکرانیا (ماخنۆڤیستەکان)، خۆبەڕێوەبەرایەتی کەتەلۆنیا و بەشەکانی تری ئەسپانیا لەشەڕی نێوخۆیی ئەسپانیادا، کە لەگشت ئەم بارانەدا بۆلشەڤیکە دەسەڵاتخوازەکان، دەستیان بە خوینی کارگەران و وەرزیران و دەریاوانانی شۆڕشگێڕ سوورە! من دەزانم بۆچ پارت و دەوڵەت و یەکسانی بەبێ ئازادی ڕەتدەکەمەوە و بەڵام وەک دیارە تۆ نازانی بۆ هەڵەداوان خوازیاری پارتپارتۆکێنەی!

هاوڕێم تۆ هێشتا خۆت لەسەر ئەوە ساخ نەکردۆتەوە، کە ئەو پارتانە چین و سەربەکێن، هەر بۆیە بە پارتەکانی بزووتنەوەی کۆمونیستی نیویان دێنی و پێتوایە کە سەرکردەکان لە نەزانییەوە بەو کارانە هەڵدەستن و گەر تۆ هوشیاریان بکەیتەوە یا لەڕێگەی شۆڕشی ئەندامانەوە - کە ئەمەش داهێنانێکی‌ترتە، چونکە شۆڕش واتە ئاڵوگۆڕ لە واقیعیەتی کۆمەڵایەتیدا و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیش پابەندی ئاڵوگۆڕی ئابووری یا بنەمای ئابووری کۆمەڵگەیە و پارت شانەیەکی گۆشەنشینە و لە کۆمەڵە کادرێکی پیشە سیاسی پێکدێت، کە بەپێی پێشەکەیان، لە بواری بەرهەمهێنان و لەنێو ڕەوتی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێندا، شوێنێکیان بۆ پێناسە نییە، ئیتر شۆڕشی چی، دەکرێت، بڵێیت یاخیبوون، هەڵگەڕانەوە، بەڵام شۆڕش؟! تۆ پێتوایە، گەر بە سەرلەنوێ سازدانەوەی پارت ناچاریان بکەیت، ئەوا پرۆلیتاریا ڕزگار دەکەن!

هاوڕێ گیان لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی هەم تۆ و هەم خوێنەرانی هێژا بە هەڵە لەم وەڵامدانەوەی من تێنەگەن، ناچار بە پێویستی دەزانم، جارێکی‌تر ئەوە دووپات بکەمەوە، کە مەبەستی من وەڵام و وەڵامکاری نییە و بڕواشم بەوە نییە، من و تۆ بکەوینە شەڕەدەنووک و هەر دەبێ یەکێکمان ڕاست بکات و ئەوی‌تر دان بە هەڵەی خۆییدا بنێت، بەڵکو پێم باشە لە داهاتوودا بۆ باس و لێدوان لەسەر پرسەکان، بە دیاریکراوی دەست بۆ پرۆژەیەک بەرین. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ ئەوەی کە هەمووان بەپێی توانای خۆیان بەشداری ڕاستەوخۆ و چالاکانە بکەن، هەستام بە کردنەوەی ویبلاگێک بەناوی (ڕەخنە)، لەبەر ئەوەی کە هەندێک لە خوێنەران،

لەوانەیە سڵ لە نووسینی بابەتی درێژ، یا تەواو دەکەنە و پێیانوایە کە ئەوە کاری کەسانی ئاکادیمی و پسپۆرە و ئەمان ئەو توانایەیان نییە، وێبلاگ گەلێک ئاسانکاری بۆ ئەم مەبەستە دەخاتە بەردەست، ئەویش ئەوەیە، کە هەر خوێنەرێک ڕاستەوخۆ وەک توانج و سەرنج، دەتوانێت لە وێبلاگەکەدا هەروەک (پەڕوای میوانان) بنووسیت و بابەتەکەی بڵاو دەبێتەوە. هەڵبەتە کردنەوەی وێبلاگ بە کەمگرتنی ماڵپەڕ نییە، بەڵکو تەنیا هۆکەی ئەوەیە کە خوێنەران ڕاستەوخۆ بۆچوون و ڕەخنەی خۆیان لەچەند وشە یا ڕستە دەردەبڕن و گەر نەشیانەوێت، ئەوا پیویست بە هێنانی نیوی خۆشیان ناکات.
ئەمەش ناونیشانی وێبلاگی ڕەخنە و پۆستی ئەلەکترۆنییەتی :

http://www.kurdplanet.net/rexney2000
rexney2000@yahoo.com

- خوێنەرانی هێژا دەتوانن بە کلیک کردنی ئەم بەستەرانەی خوارەوە، هەسێ بەشی وەڵامەکەی هاوڕێ بژار بخوێننەوە، کە ئەم نووسینەی من، سەرنجدانەوەی ئەو سێ بەشەیە:

بەشی یەکەم : http://www.dengekan.com/doc/2005/6/bjar28.pdf

بەشی دووەم: http://www.dengekan.com/doc/2005/7/bjar10.pdf

بەشی سێیەم: http://www.dengekan.com/doc/2005/7/bjar19.pdf